ڕۆژنامەوان و پەیامنێر ئەحمەد شامکی لە شەلادزێ دوای پێنج ڕۆژ لە دەستگیرکردنی بە کەفالەت ئازادکرا

ئەحمەد شامکی، ڕۆژنامەوان و پەیامنێر لە شەلادزێ، دوای پێنج ڕۆژ لە دەستگیرکردنی بە کەفالەت ئازادکرا.

ئەحمەد شامکی ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو (26ـی حوزەیرانی 2024)، لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی ئەو شارە دەستگیرکرا بەهۆی بڵاوکردنەوەی دۆسیەی گەندەڵی پەیوەست بە فرۆشتنی زەوییەک لە شەقامێکی گشتی لە شەلادزێ، دوێنێ چوارشەممە بە بڕیاری دادوەر بەکەفالەت ئازادکرا.

پێشتر دەزگای میدیایی حەوت ڕۆژ ڕایگەیاند، ئەحمەد شامکی پەیامنێری دەزگاکەیان لەشارۆچکەی شەلادزێ لەسنووری پارێزگای دهۆک لەسەر ئاشکراکردنی دۆسیەیەکی گەندەڵی دەستگیرکراوە و لە بەندیخانەیەکی ئامەدی بەندکراوە و ئەم دەزگایە کە ڕۆژنامەنووس ئەحمەد شامکی وەک پەیامنێر کاری لەگەڵ دەکات ڕایگەیاند، لە ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردووە 26ـی حوزەیران، پەیامنێری دەزگاکەیان ئەحمەد شامکی بەهۆی ئاشکراکردنی دۆسیەیەکی گەندەڵی پەیوەست بە فرۆشتنی زەوی لەیەکێک لە شەقامە سەرەکییەکانی شەلادزێ لەلایەن هێزە ئەمنییەکان دەستگیرکراوە و گواستریەوە بەندینخانەیەکی قەزای ئامەدی.

هەروەها لە ڕوونکردنەوەیەکدا هاتووە کە ڕۆژنامەنووس ئەحمەد شامکی پێش دەستگیرکردنی هەڕەشەی لێکراوە لەلایەن بەرپرسانی ئەو ناوچەیە لەهەوەی ئاشکراکردنی فرۆشتنی یەکێک لە زەوییەکان، دواجار

رۆژی چوارشەممە دەستگیرکرا و گواسترایەوە بۆ بەندیخانەیەکی ئامەدی.